

**پێداچوونەوەیەک  بە پێداچوونەوەی کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کرد خولیای کوردستان**

**هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە پێداچوونەوەکەی بە وەرگێردراوی دەقە وەرگێردراوەکەی مامۆستا کاویاندا، دانپێدانانی ناوبراوە  بە هاوکاریی کردن لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، زانیاریی ینک  و " وزارت اطلاعات" بۆ تێرۆری رێبەرانی کورد و ئەندامانی حدکا لە باشوری کوردستان.**

## بەشی ١٣

### مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

لە دوازدە بەشی پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە  کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستاندا  نووسرا کە  ئەو کتێبە لە ٢٠٠٨ بەزمانی  سپانیۆلیی لە لایەن کارۆل پرۆن هۆبێر، خەلکی ڤێنێزۆئێلا  نووسراوە و لە کاراکاس چاپی کردووە.  نووسەر خۆی ساڵێک دواتر ئەو کتێبەی کردووە  بە ئینگلیزیی و لە 12/30/2009 لە ئەمریکا چاپ کراوە.

کتێبە کەی کارۆڵ پرۆن هۆبێر کە گەیشتووەتە کوردستان لەلایەن مامۆستا کاویانەوە کراوە بە کوردیی و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ناسراو بە حەیاکیی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدکا، سەرەرای ئەوە کە ئەلف و بێی  هیچ زمانێکی بیانیی نەزانیوە خۆی لەوەرگێردراوی کتێبەکە کردووە بە ئێدیتۆر و بەو دەقەکوردییدا چووەتەوە . ناوبراو  لەو پێداچوونەوەیەدا سەرتاپای شکڵ و ناوەرۆکی ئەو کتێبەی لە تەرجەمەکەی مامۆستا کاویاندا گۆڕیوە. ئێدیتۆر  بۆ گۆڕینی واقعییەتی روداوی تێرۆری د.قاسملوو  و پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان هەزاران تەزویری لەو پێداچوونەوەیەدا کردووە.  ئەوەی کە مەلا عەبدللا بەسەر ئەو وەرگێردراوەی مامۆستا کاویانی هێناوە با  بە دەواری شڕو داعش بەسەر کاڵ وپیری شنگالی نە هێناوە. تەزویرەکانی مە لاعەبدوللا تەزویری ئەدەبیی نین، "نفاق" و تاوانن ، ئاڵقەی بزرکراوی سەدان و بگرە هەزاران جینایەتن.

سەرناوی تەزویر، تاوانی جۆراوجۆر لە خۆدەگرن کەهەرکام سزای تایبەتییخۆیان هەیە. ناوبراویش وەکو هەر تاوانبارێکی دیکە ئاسەوار و بەڵگەی تاوانی بەجێ هێشتووە. دەزگای پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوە بە یارمەتیی، پسپۆران، خیبرە، کارناس، تاقیگە، لابراتوارەکان و زانستی جیهانی ئەمرۆ لە رەوتی لێکۆلینەوەدا تاوانبارو شێوەی کردنی تاوانەکانیان ئاشکرادەن کە لە پێداچوونەوەکە و  دەستنیشان کردنی تەزویرەکاندا نیشاندراون . تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان  بەڵگەی **دانپێدانانی ناوبراون بە هاوکاریی کردنی خۆی لەگەڵ  ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ،تێگلان و تێکەڵبوونی لەگەڵ تێرۆریستەکانی سەر بە  کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوکارەکانیان.** هەزاران تەزویری مەلاعەبدوللا بوونە هۆی ئەوە کە پەردە لەسەر راز و نهێنیی هەموو کارەساتەکانی کوردستان لا بدرێ و واقعییەتی پشتی پەردەو دەوری بەشێک لە سیاسەتکارانی کورد  و بەشێکی لەوان مەلا عەبدوللاو تیمە کەی لەو کارەساتانەدا ئاشکرابکرێن.

بەشێکی دیکە لە مەبەستەکانی مەلا عەبدوللا لەو تەزویرانە، متمانە دان بە و دەزگا ئیتتیلاعاتییانەبووە کە لە نێویاندا تواوەتەوە. تێکەڵبوونی ناوبراو لەگەڵ دەزگای ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک  رێگەی داوە  بەناوبراوکە بتوانێ  دژبەرەکانی لەمەیدان وەدەر بنێ  و  دەستبەسەر سامانی حدکادا بگرێ.[1]

لەئاکامی ئەو تەزویرانەدا  زۆر ئالقەی بزرکراوی تاوانەکانی تێرۆریستەکان و هاوکارە کوردەکانیان  دژ بە رێبەرانی سیاسیی حدکا: د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی ئاشکرا بوون.

وشەی تەزویر، جەعل و ساختە چێتیی کە لە پرۆسەی لێکۆلینەوەو پێداچوونەوەکەدا بەکار هێنراون هەڵگری ئەو تاوانانە نیین  کە مەلا عەبدوللا دژ بە کورد و بزوتنەوەکانی کردوونی. کەلک وەرگرتن لە وشەی نفاق بۆ بەشێک  لەتاوانەکان بەیارمەتیی ئەو لینکە  یارمەتیدەرە[2] و پێشنیار دەکرێ کە خوێنەران سەراسۆییئەو سایتە ئینترنێتییەی "نفاق" بکەن[3] کرتەبکەنە سەری و  Ctrl دابگرن.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە  دوای جیابوونەوەی  "رێبەرایەتیی شۆرشگێر"  لە حدکا، بەرەو تالەبانیی و تەنزیمەکەی کشاوە  و بە نهێنیی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لەپێوەندییدا بووە. بروانە نامەکەی تالەبانیی بۆ جەبار فەرمان کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، کرتە بۆ  ئێرە و ئێرە  بکە و  Ctrl دابگرە!

عەزیز و ئاشکراکردنی وەزعی نیزامیی – سیاسیی شەڕەکە، تێشکانی ئێران، پلانی ئاگربەس، پشتیوانیی هەموو جیهان لە ڕژیمەکەی، بە تەنیامانەوەی ئێران دوای ئاگربڕەکە، ڕاکێشانی ئەو ئەرتەشە زەبەلاح و پۆشتەیەی ڕژیمەکەی لە باشوری عێراقەوە بۆ سەر خاکی کوردستان، تەرخان کردنی سەت هەزار " کوژراوو و دوو سەت هەزار بریندار بۆ شەر بە دژی کورد، تورەکە کێش کردنی خاکی کوردستان و ئاخر سەر پارانەوەی تارق عەزیز کە: نەکەونە داوی ئاخوندەکانەوە ... سیاسەتکاری خێڵەکیی هەڵخراند و لە بری سپاس کردن و بۆ ئاشکراکردنی پلانی ڕژیمەکەی و واقعییەتێک کە ئاشکرای کردبوو، و وەلامی نە سیاسیی ئەو کابرایە بە بە تارق عەزیز چارەرەشیی بۆ کورد خولقاند. گەرانەوەی ناوبراو بۆ لای تالەبانیی و چاوەروان نەکردنی تالەبانیی تاگەرانەوەی تارق عزیز لەسەفەری ولاتانی ئیسلامیی کە هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنن ... تالەبانی بەرەو ئێران تاودا و لەگەل پاسدار باقری ذوالقدر، ڕێکەوتنێکی ئیمزا کرد. نەوشیروان مصطفی لە " هاوخەباتیەوە بۆ تخوین"دا نووسیویە : ئەو ڕێکەوتنەی تالەبانیی لەگەل ئەو پاسدارە بوو بە زەمینە خولقێنی هەموو کارەساتەکانی کوردستان کە بەرچاوترینیان بریتیی بوون لە ئەنفالەکان، کۆمەڵکوژیی کوژیی هەڵەبجە، کوشتاری هەشتهەزار بارزانیی و و توناکردنی هەموو بزووتنەوەکانی کوردستان.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی تالەبانیی‌دا بۆ پلێنۆمی چواری ینک نووسیبووی: سکرتێری ینک ئەوەی لەبن بەڕەبوو خستیە سەربەڕە. تالەبانیی لە ڕاپۆرتەکەی‌دا نەوشیروان مصطفی بە هاندانی صدام بۆ کۆمەڵکوژیی هەلەبجە تاوانبار کردبوو.

ڕێکەوتنی مانگی دەی ۱۹۸٦ تالەبانیی وباقری ذوالقدر کردنی یەکێتیی نیشتمانیی بە ستونی پێنجەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و بایەخی ئەو کوتەکاغەزەی نەبووە کە لەسەری نووسرابوو. پەیماننامەی ۱۹٦۹ ڤییەن هەرچەشنە ڕێکەوتنێکی دەولەتان لەگەل گروپ و تاقمی سیاسیی، عەشیرەت و کەسایەتیی دەرەکیی و ناوخۆیی رەت دەکاتەوە. ئەو ڕێکەوتنەو شێوەی پێوەندیی‌یەکان و نامەکانی تالەبانیی بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و پلانی دارێژراوی ینک بۆ هێرش کردنە سەر هەلەبجە نیشان دەدەن کە تالەبانی و وەفدەکەی لە سیستمی حکومەتیی وەلاتان شارەزا نەبوون و پێیان وابووە کورد گوتەنی : ئەوەی سمێڵی سور بێ هەمزاغایە. دەولەت ژمارەیەک وەزیری هەیە و هەر وەزیرێک لەچوارچێوەی ئەرک و سەلاحییەتی قانوونیی خۆی‌دا بریاردەوە و هەیئەتی دەولەت ڕێکەوتنەکانی خۆی لەگەل دەولەتان دەبێ بە پارلمان پێشکەش بکا و و دوای قبوڵکردنی پارلمان شکلی قانوونیی بە خۆیەوە دەگری. ئەو ڕێکەوتنانەی تالەبانیی وسپای پاسداران یادداشت گەلێک بوون بێ ئیعتیبار کە لە خەڵک شاردراونەوە و ئاشکرانەکراون و خەڵکی کوردیش لە ئاکامی ئەو ڕێکەوتنانەو کارەساتگەلێکی کە لێیان کەوتووەتەوە ئاگادار نەبوون. ئەوەی کە بیستوویانە پروپاگەندەی تژی لە ناراستیی و فریوو درۆبووە.

بەشدارانی ئەو وەفدەی تالەبانیی کە بەو ڕێکەوتنەیان لەگەڵ ئەو پاسدارە تێرۆریستەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوونە هۆی خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی کوردستان ( ئەنفالەکان، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە، سەردەشت، ئاشبەتاڵی هەموو بزووتنەوەکانی کورد) بریتیی بوون لە : ۱– جەلال تالەبانیی ۲– فەرەیدون عەبدولقادر۳– د.کەماڵ خۆشناو٤ – دارا حەفید ٥– رەفعەت عەبدوررەحمان٦– شێر دڵ حەویزی. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی، لاپەرەکانی ۱۱۲ و ۱۱۳ ئەو کتێبە!

سەرکردایەتیی ینک تەنیا چەند کەسێک لە کارگێڕانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداریان بە دەوڵەتی ئێران زانیوە. ئەو خۆتواندنەوەیان لەناو سپای پاسداراندا بە دامەزراندنی پێوەندیی سیاسیی لەگەڵ "جمهوریی ئیسلامیی " بە خەڵک فرۆشتووە. بڕوانە نامەکانی تالەبانیی بۆ صحرارودی و ئەو بەناو ڕێکەوتنەی لەگەل پاسدار باقری ذوالقدر کە ئیمزایان کردووە و ناردنی کادرەکانی ناوندیی و سەرکرایەتیی سیاسیی تەنزیمی ینک بۆ ڕاهێنان و تواندنەوەیان لەناوسپای پاسداران لە شارەکانی ورمێ، سەردەشت و کرماشان کە سەرسوڕهێنەرترین کارێکە کە تالەبانیی و سەرانی تەنزیمەکەی کردوویانە. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنە لە لاپەرەکانی ۱۱۲تا ۱۱٤! بۆ ناسینی باقری ذوالقدر کرتە بۆ ئەولینکەی ژمارە 6 بکە Ctrl دابگرە! ئەو سەرچاوەیە وتەکانی بەنی‌سەدر سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانە بۆ ناساندنی باقری ذوالقدرە. بۆ کەسانێک کە شارەزای زمانی ئینگلیزیین ئەو سەرچاوەیە لە لاپەرەی 14 وە تا 20 سەبارەت بەو تێرۆریستە نووسراوە، سەرجەمی ئەوبابەتە لەو لینکەدا بە زمانی ئینگلیزیی بخوێنەوە6

باقری ذوالقدر مافیوزێکی تێرۆریست سەر بە گروپی مافیوزە شیرازیی‌یەکان لە سپای پاسداران بووە. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ۱۰۱ تا ۱۱٤ی ئەو کتێبە! کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrlدابگرە!

6 http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

**مەلا عەبدوللا و تەزویری وتەکانی بنبێللا لەم بەشەدا**

لەو بەشە ی خوارەوەدا کە وتەی بنبێللا لەسەر فازڵ رەسولە لەلایەن مەلا عەبدوللاوە گۆڕدراوەو ناوی د. قاسملووی لە جێی فازل رەسوڵ داناوە. بروانە لاپەڕەی ٢٤٧ و ٣٤١ و ٣٤٢ دەقەئینگلیزییەکە. ئەوەی بە رەنگی زەرد لە ژێرەوە نیشاندراوە ، مەلا عەبدوللا بۆ پاکانە کردن بۆ فازل رەسوڵ , سانسۆری کردووە. کرتە بۆ ئێرەو ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

Ben Bella says:’’ I asked myself questions. Was it because he was with Montazeri? So was I. The [Iranian] Ambassador in Vienna was in was in contact with Rasul, and he [Rasul] told me he [The ambassador] agreed with Montazeri. He seemed to be someone who was open. I don’t know if he really was, or if he spoke with the Leadership in Teheran … an intermediary was necessary. The negotiations could not be held in a place where they would leave any trace. Rasul was a wonderful solution. He would find them a place without leaving any trace, and so that he would not speak .they had to kill him. The Montazeri affair and the magazine bothered the Iranians. Montazeri had many problems with them, with Rafsanjani, etcetera. His view of Islam was contrary to that of the Shi’a.’’

## مانای وتە سانسۆرکراوەکانی بنبێلا لە لایەن مەلا عەبدوللاوە بۆ پاکانەکردنەکان بۆ فازل رەسوڵ

بن بێلا دەڵێ: "من ئەو پرسیارانەم لە خۆم کرد. ئاخۆ ئەو [کوشتنەی] فازل لەبەر هۆی لایەنگرییئەو لە مونتەزیریی بوو؟ خۆمنیش لایەنگری مونتەزیریی بووم. باڵوێزی ئێرانییەکان لە ڤییەن لەگەل رەسوڵ لە پێوەندییدابوو. رەسوڵ بە منی گوت کە باڵوێز، لایەنگری مونتەزیرییە. ئەو باڵوێزە لەوە دەچوو کەسێکی کراوەبێ. من نازانم کەئەو بەراستیی بەو جۆرەبوو کە گوتی یان لەگەل رێبەرایەتیی کارگێرانی سەربە خومەینی دژ بە دژبە مونتەزیری لەتاران لە پێوەندییدابوو. دەڵاڵێک پێویست بوو. وتوێژەکان نەدەبوو لە شوێنێک بکرێن کە شوێنەوار و نیشانەیەکی لێ بەجێ بمێنێ. رەسوڵ باشترین رێگەچارەبوو. ئەو دەیتوانی شوێنێکیان بۆ پەیدابکا کە نیشانەیەکی لێ بەجێ نەمێنێ. بۆ ئەوەش کە نەتوانێ قسەبکا، ئەوان ناچار بوون بیکوژن."


بنبێللا درێژەی دەدا و دەڵێ : راگەیاندنەکانی مونتەزیریی و رۆژنامەکان، ئێرانییەکانیان [دەسەلاتدارانی ئێران) جارز دەکرد. مونتەزیریی لە گەل ئەوان و رەفسەنجانیی و هتد... گیرو گرفتی زۆر بوو. روانگەی ئەو لە ئیسلام دژی روانگەی شیعەکان بوو."

ئەو زانیارییانەی بنبێللا ئەو پرسیارانە دەخولقێین: ١– ئەگەر بنبێللا بە وتەی تالەبانیی و مەلا عەبدوللا لە رەوتی پلانی تێرۆری دقاسملوو ئاگادار نەبووبێ ئەو واقعییەتانەی کە بۆ گابرێیلی باس کردبوو لە کوێ زانیبوو؟

٢–کرینی ئاپارتمانێک لەلایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە بە میلیۆنێک و چوارسەت و پەنجاهەزار شیلینگ لە شاری ڤییەن بۆ بنبێللا ئاڵقەیەکی شاراوە و بزرکراو بووە.

جەنابی جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و چەند کەسێکی دیکە لەرەوتی ئەو روداوەدابوون. ئەو دوو بەرپرسە ناوبژیوانە هەرگیز باسیان لەو روداوە نەکردووە و رایان نەگەیاندووە کە ئەو بەرتیلەی کە دراوە بە بنبێللا لە پێناوی چیدابووە ؟ تەرجەمەی ئەو راپۆرتەی پۆلیس سەبارەت بەو روداوەی کە باس کرا پێشتر بڵاو کراوەتەوە. مەلا عەبدوللا حەسەن زادە بە پێی ئەو هەزاران تەزویرە کە لەو پێداچوونەوەیەدا کردوونی نە هەر واقعییەتی شاردوونەوە بەڵکو بەڵگەشی بۆ گومانلێکراوان و تاوانبار کراوان و هاودەستەکانیان جەعل کردووە.

فازل رەسوڵ بۆماوەی چوارساڵ و سێمانگ لە لوبنای بووە و لەلایەن حیزبوللای لوبنان بۆکاروباری تایبەتیی راهێنرابوو. ناوبراو کارگێڕی بالوێزخانەی ئێران، نوێنەر و بەرێوەری کاروباری تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی لە ڤییەن، هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم بووە. ئەو زانیارییەی کە لەسەر فازل رەسڵ بلاو کراونەوە و مەلا عەبدوللا بە دۆستی حیزبی ناساندبوو لە واقعییەت بەدوور بووە. لێرەدا دەبێ ئەو واقعییەتە بگوترێ فازل رەسوڵ مەلا عەبدوللا بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەو پێداچوونەوانەدا خراونەتە بەرچاو دۆستی حدکا بووە و نە مەلا عەبدوللا کەسێکی نیشتمانپەروەر، راستگۆ و خاوەن خۆیان بە دۆستی حیزب و و موشاویرو نزیک بە د.قاسملوو مەلا عەبدوللا پێشتر باسی ئەو ئیدیعا ناراستانە کراوە. لەو پێوەندییەدا ئیددیعای بێ بنەمای مەلا عەبدوڵڵاو درۆی ٢٧ پاسەوان بە جەبەلخانەوە بەو بەتالیۆنە زیاد کرابوو. تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە دەوری یەکەمدا لە وتوێژەکان ئاگادار بوون. تالەبانیی تەنانەت بە گوێرەی وتەکانی خۆی و وتووێژی لەگەل کارۆل پرۆن هۆبێر لە سەرجەمی وتوێژەکانی ١٢ و ١٣ مانگی ٧ ئاگادار بووە.


Wien, am 16.07.1989

Zahl: I - Pos 400/IIIa/15/89 res

Betr.: Mordanschlag in Wien 3., Linke Bahngasse 5/12;

hier: Hinweisgeber.

A k t e n v e r m e r k

Am 15. Juli 1989, um 09.30 Uhr gab der Journaldienst Sicherheitsbüro (BzI. GRANDITS) bekannt, daß er von einer Frau FUCIK einen Hinweis betreffend Dr. Fadel Rassoul entgegengenommen habe.

Frau FUCIK wurde zurückgerufen und gab an, daß sie beim Notar Dr. Kralik, Wien 18., Martinstr. 81 beschäftigt war. Sie könne sich erinnern, daß im Dezember 1988 ein Dr. Fadel Rassoul für den Ministerpräsidenten von Algerien Ahmed BEN BELA in der Bäckerstraße Nr. 3 (Wohnung Nr. 9 ?) eine Eigentumswohnung in der Höhe von öS 1,450.000.-- angekauft habe. Die Modalitäten betreffend dieses Kaufes wurden von Dr. Rassoul erledigt. BEN BELA habe nur den Kaufvertrag unterschrieben. Frau FUCIK (TelNr. 42-06-452) meinte, daß dieser Hinweis im Zuge der gegenständlichen Erhebungen, vielleicht von Wichtigkeit sein könnte.

BzI.

کەسێک تازەیەنامەکەی بنبێلا بۆ فازل رەسوڵ بە زمانی فەرەنسی وئینگلیزیی کە ئەنستیتو کورد لە پاریس لە ژمارەی تایبەتیی دا بە بۆنەی تێرۆری د.قاسملوو چاپی کردبوو بخوێنێتەوە، دەبینێ کە ئەو کابرایەش لە هەموو روداوەکە ئاگادار بووە و لە قۆناخی دووهەمی وتوێژدا و تا ئەو کاتەی کە لە ڤییەن بووە یەک وشەی بە دژی تێرۆریستەکان و پیلانگێرانی ئەو جینایەتە باس نەکردبوو. بەلام کاتێ کە بەرەو ئەلجەزایر رای کردبوو، زانیارییەکانی خۆی بۆ کارۆل گێڕابۆوە. ناوبراو لە تازیە نامەکەیدا جیا لە فازل رەسوڵی هاوکار خۆی باسێکی لە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی نەکردووە. ئەوەش وتەکانی تالەبانیی رەت دەکاتەوە کە گوتبووی : د.قاسملو بە هەڵکەوت بنبێلای دیتبوو و مەلا عەبدوللا بەستەی خستبووە سەر کە ئەو پیرە شێرە و د.قاسملوو پێشتر یەکتریان ناسیبوو... کەسانێک کە زمانی فەرەنسی فام دەکەن یان ئاشنا بە زمانی ئینگلییزیین، دەتوانن لە بولتەنی ئەنستیتو کورد ژمارە ی تایبەتیی ١٥٨–١٥٩ ئەوبابەتە بە دوو زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی لەو دوو لینکەی ژێرەوە دا لە لاپەڕەی ٥ دەقی فەرەنسیی و لە وەرگێڕدراوەکەی لە لینکی ژمارە ٩دا بە ئینگلیزیی بخوێننەوە[7] هەروەها [8]

7 http://www.institutkurde.org/publications/bulletins/pdf/speciaux/nsp_ghassemlou.pdf

8 http://www.institutkurde.org/end/publications/bulletins/pdf/specials/spno_ghassemlou.pdf

فازل رەسوڵ چەندلایەنە کاری بۆ تالەبانیی، بنبێلا، بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن، صحرارودی و فلاحیان و بەنی سەدر، محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران کردبوو و لەگەڵیان لە پەیوەندییدابووە. محسن رضائی لەمەر کوشتنی فازل رەسوڵ گوتبووی: فازل رەسوڵ " مونافیق "بووە، لەبەرئەوە کوشتوویانە.

تەنیا بەرپرسێکی حدکا بە ناوی خوازراوەی "ئازاد" لە ڤییەن لە پێوەندیی فازل و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئاگادار ببوو. ئەو کەسەش کاتێک ئەو زانیارییەی بە د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی راگەیاندبوو کە چەند کاتژمێر دواترد.قاسملوو بەرەو کوشتارگەکە وەرێکەوتبوو. ئەو بەرپرسەی حدکا لە ڤییەن دوای تێرۆری د.قاسملوو هەموو زانیارییەکانی خۆی لەسەر پێوەندیی فازل رەسوڵ بە دەزگای جاسوسیی رژیمەوە بە پۆلیسی دادوەریی راگەیاند بوو.


مەلا عەبدوللا لەم بەشەدا بە ئیشتیای خۆی لە پێداچوونەوەکەی‌دا بە وەرگێڕدراوەکەی مامۆستا کاویان‌دا تەزویری کردووە.

ئەوەی لە لاپەڕەی٣٤١ ی دەقەئینگلیزییەکە وەکو سەرچاوەیەک نووسراوە، دوو لاپەڕەی تەواوە و مەلا عەبدوللا بەشێکی زۆری لە لاپەڕەی ٣٤٧ سانسۆر کردووە. ئەو دوو بەشەی نووسراوەکەی گابرێیل فێرناندزی لە لاپەرەکانی ٣٤١ و ٣٤٣ و ٣٤٤ی بۆپەراوێزی دەقە کوردییەکە راگواستووە و ژمارەی لاپەرەکەشی ئاماژە پێ نەکردووە.

شەوی ١٢ لەسەر سێزدە مانگی ١٩٨٩/٧ بنبێلا بۆ دانی متمانە بە د.قاسملوو کە ئەویش لە وتوێژەکان‌دا بەشداریی دەکا دەچێتە کۆبوونەوە وبەڵێنیی رێک کەوتن بە د.قاسملوو دەد ا. بە وتەی هاوژینی د.قاسملوو کە بۆ نووسەری ئەم دێرانەی باس کردووە، دەنگی نە ناسراوێک لە کۆبوونەوەی شەوی ١٢ لەسەر ١٣ /٧ لەئۆدەی وتوێژەکەدا لە شریتەکەی د.قاسملوودابیستراوە. دادوەرەکان نەیانزانیوە دەنگی کێیە وبە فارسیی بووە یان بە عەرەبیی؟

د.کێسلێر، بەرپرسی گروپی دژە تێرۆر لەوتوێژ لەگەل بنبێلا ئەو پرسیارەی لێکردووە کە ئاخۆ فارسی دەزانێ؟ ئەو پرسیارە بۆ ئەو زەنگی خەتەربووە کە پۆلیس لە هاودەستیی ئەو و تێرۆریستەکان و باڵوێزی ئێران لە ئوتریش ئاگادار بووە. لەبەرئەوە خۆی لە د.کێسلێر تووڕەکردبوو و هەرەشەی لێکردبوو و دەولەتەکەی بەو تێرۆرۆرە بە تاوانبار کردبوو. ناوبراو بۆ لێکۆلینەوە لەورووداوە حازر نەببوو بچێتە ناوەندی پۆلیس و بە فڕکە لە ئوتریش رایکردبوو.

تێرۆریستەکان بۆ متمانەدان بە د.قاسملوو لە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ مانگی ٧لە ئۆدەی کوشتارەکەوە فیلبازانە لەگەل تاران پێوەندییان گرتبوو. بۆرۆژی دواتر قەراردادەنێن کە جارێکی دیکە کۆببنەوە. رۆژی دواتر بنبێلا ناچی، ئەوکاتە تەلەفۆن دەستی نەبووە. د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر ناتوانن پێوەندیی بە بنبێلاوە بگرن. لەو بەینەدا نەزانراوە کە ئاخۆ بنبێلا زانیبووی کە تێرۆرەکە دەکرێ و مەترسیی لەناوبردنی ئەویش هەبووە، لەبەر ئەوە رۆژی دواتر نەچوبووە کوشتارگەکە یان دەلوێ فازل و صحرارودی بە بنبێلایان راگەیاند بێ کە وتوێژەکە بۆ رۆژێکی دیکە وەدواخراوە یان درۆیەکی دیکە ی لەو بابەتەیان کردووە و بنبێلا نەچووە بۆ شوێنی کوشتارەکە. لە وتەکانی بنبێلا دەردەکەوێ کە ناوبراو بەر لە شەوی دوازدە لەسە ١٣ بەو شوێنەی زانیبوو کە لەبەردەستی فازل‌دابووە . بنبێلا ئەو زانیارییانەی کە هەیبوون و بە کارۆلی گوتوون بەرێکەوت نەبووە. کرتە بۆو ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!



Carol Prunhuber 343

For the KDPI, the monarchists, with whom they were tied only by their common hatred toward the regime, had to be excluded. "The people of Iran demand the creation of a democratic republican system," it affirmed. "They want an independent and non-aligned Iran in which the national rights of the oppressed people, democratic freedoms, and economic and social demands are assured." And all of this was in contradiction with the concepts of the Iranian monarchy, based on "dictatorship and foreign dependence. That is why the people of Iran overthrew it on February 1, 1979. The position adopted by the Mujahedin and their annoying tendency of imposing their hegemony have favored the drifting apart of the democratic and independent forces that participated in the Council. In other words, they have been an obstacle for the realization of the goals set by the Council itself. For these reasons, if some independent personalities apparently remain in the Council, it's the Mujahedin of Rajavi who are pulling the strings."

ئەو سێ روپەرەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا و لە بەشی سەرچاوەکانی کتێبەکەدا نووسراون مەلا عەبولا بە ویستی خۆی قەڵت و بڕی کردوون. ئەو سێ لاپەرەیە لە بەشی سەرچاوەکان‌دا ژمارەکانیان ٣٤١–٣٤٢– ٣٤٣ یە کە بەشگەلێکی لێ هەڵپاچیون و لە لاپەرەکانی ٢٥٧ و٢٤٨دا بە مەبەستی تەزویرکردنیان بێ ئەوە ئاماژە بە شوینەکانیان بکا رایگواستوون .ئەو بەشەی سەرەوە بۆ نمونە لە لاپەرەی ٣٤٣دا نووسراوە و مەلا عەبدوللا لە پێداچوونەوەکەی‌دا سانسۆری کردووە. مانای دەقە سانسۆرکراوەکە بەم

جۆرەیە: "بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ،ئالقەی گرێدان لەگەل مونارشیستەکان واتە پاشایەتیی‌خوازان تەنیا لە رکی هاوبەشیان لەو رژیمە سەرچاوەدەگرێ. ئەوانەش دەبێ وەلابنرێن. گەلانی ئێران داوای دامەزراندنی جمهورییەکی دێموکراتیک دەکەن. ئەوەش پشتیوانیی کردنە لە ئێرانێکی سەربەخۆو بێلایەن کە تێیدا مافی نەتەوەیی گەلانی ستەملێکراو و ئازادییە دێموکراتیکەکانی تێدا دەستەبەربکرێن. هەروەها داخوازە ئابووریی و کۆمەلایەتییەکانی گەلانی تێدا دەستەبەرکرابێ. ئەوانە هەموو دژایەتییان لەگەل چەمک و مەفهومی حقوقیی پاشایەتیی هەبوو کە دیکتاتۆرییو گریدراویی بە بێگانەوەی لەسەر دامەزرابوو. لەبەر ئەوانە بوو کە گەلانی ئێران لە یەکی فێبرواری ١٩٧٩ ئەو رژیمەیان روخاند. بەلام هەلوێستێک کە موجاهیدەکان گرتیان، ئەوەبوو کە ئەوان دەیانویست هێژێمۆنی خۆیان بەسەر هێزە سەربەخۆ و بنەما دێموکراتیکەکانیان کە لەو دامەزراوەدا بەشداربوون بسە پێنن. بە وتەیەکی دیکە ئەوان بوونە کۆسپێک بۆ وەراست گێرانی ئەو ئامانجانەی کە ببوونە هۆی پێکهێنانی ئەو دامەزراوە یە( شورای بەربەرەکانیی). لەبەر ئەو هۆیانە بوو[ باس لە چوونەدەرێ حدکا لە شورا ] ئەگەر چەند کەسایەتیەکی سەربە خۆ لەو تەنزیمەدا مانەوە ئەوانەش سەر بە موجاهیدەکانی رەجەوی بوون. "

مەلا عەبدوللای حەسەن‌زادە بە دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی دا بە دزیی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حدکا بە دنەدانی تالەبانیی و صحرارودی حدکای لە قەندیلەوە بۆ کۆیە ڕادا بوو و کردی بە پەنابەر و جیرەوەرگری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.

نامەیەکی تالەبانیی بۆ جەببار فەرمان حیکایەت لەوەدەکا کە مەلا عەبدوللا پێشنیاری بە ئیتتیلاعاتی سپا کردووە کە لەرێگەی تالەبانیی‌یەوە پێوەندیی پێوە بگرن:

تالەبانیی بۆ جەببار فەرمانی نووسیبوو : " پێنجەم جەمهوریی ئیسلامیی سوور نەبوون لەسەر بە پەلەدەرکردنی حدکا، بەڵکو داوایان لێکردووم <u>کە بە هێمنیی و شێنەیی و بە خشکەیی هەوڵدەم لەگەل مەلا عەبدوللا بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ جمهوریی ئیسلامیی، دیارە هێشتا ئەساسەکە و شەرتەکانی روون نین بەلام خۆی لە خۆی‌دا شتێکی زۆر گرنگە: سە رچاوە کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە، لاپەڕەی.٢٩٢</u>

بۆخوێندنەوەی بەشێکی زۆر لەنامە و بریارەکانی تالەبانیی و رێکەوتنەکانی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە زمانی ئینگلیزیی بروانە ئەو لێنکە [9] کە لە ژێر ئەوسەردێرەی خوارەوەدا لە ئینترنێتدا بڵاو کراونەوە: ئەو دۆکۆمێنتانە لە هێرشی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆسەرهەولێر لە ١ سێپتامبری ١٩٩٦لە تاڵەبانیی گیرابوون.

CONFIDENTIAL DOCUMENTS OF PUK LEADER JALAL TALABANI SEIZED BY KDP ON SEP 1, 1996 AT TALABANI'S HQ AND OFFICE IN ERBIL CITY

مەلا عەبدوللا لەگەل تالەبانیی بەردەوام لە پێوەندیی‌دابووە کرتە بۆ ئێرە و ئێرەبکە و Ctrl دابگرە!

مەلا عەبدوللا بە شێوەی پێشنیارکراوبە تالەبانیی، بە شێنەیی، بە هێمنیی و بە خشکەیی" سەدان ئەندامی حدکای بە "کوشت‌داوە و بەدرۆ بۆشیان گریاوە ". ژمارەی ئەو تێرۆرکراوان لە ١٩٩٢ وە تائێستا بە پێی ئاماری راگەیەندراوی مصطفی هجری و بەشە ئەمنییەتییەکەی ٣٠٤ کەسن. بە بێ ئەوە ژمارەی بریندار، فرۆشراو، دەرمانداوکراو، رفێندراو، خنکێندراو، ئێعدام کراو، تەسلیم کراو بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران باس بکرێن. بەلام ئەو ژمارەی ئەو کوژراوانە وەکو هەموو راگەیەیاندنەکانی مەلا عەبدوللا دور لە واقعییەتن. کەم و زۆریی ئامارەکە مەسەلەیەکە و وەلامدانەوە بەو پرسیارە کە ئەورێکخراوەیە یان ئەوانەی کە ئەو بە ناو سێسەد و چوار کەسەیان تێرۆرکردووە سەر بە کامیەک لەو تەنزیمانە بووە؟ : ١– ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران٢– ئیتتیلاعاتی دەوڵەتی ئێران٣– تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی ٤– زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی (لقی یەکگرتووی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ینک ) یان گروپ و تاقمی تایبەتیی و نهێنیی دیکەی تێرۆر ؟

لەتو کوت کردنی ئازادی کوری عەلی بالە، موشاویری ئەمنییەتیی مەلا عەبدوللا کە لە رەوتی ئێعدامی چوار پێشمەرگەی حدکا لە دەروازەی کۆیە بەڵگەی جاسوسیی‌یەکەی دۆزرایەوە، بۆ ئەوە بووە کە بەڵگەی پێوەندیی مەلا عەبدوللا لەگەل ئیتتلاعاتی سپای پاسداران ئاشکرا نەکرێ.

چ هۆیەک لە ئارادابووە کە بە وتەی مصطفی هجری ٣٠٤ پێشمەرگەی چەک کراو لە باشوری کوردستان تێرۆر کراون ، بەلام یەک تێرۆریست نەگیراوە، یەک سکالا نەکراوە، لە حالێکدا مەلا عەبدوللا ناوی تێرۆریستەکان و گروپەکانیانی زانیون. بۆ نموونە ناوی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کە چوار ئەندامی کارای حدکای لە دەروازەی کۆیە گوللەباران کرد دەزانێ و بە هاوژینی سەید منصور ناصری ( یەکێ لە گوللەباران کراوانی ئەو روداوەی) گوتووە کە دەزانی بریاردەری ئەو جینایەتە گەورەیە کێیە بەلام فەرموویە : بیبەنە دادگەش ناوەکەی نالێ... چەند نامەیەکی نهێنیی تالەبانیی سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خوارەوە بخوێنەوە! دەقی سەرەکیی ئەو دۆدکۆمێنتانە لە کتێبی : شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ١٩٩٧ پارتی دێموکراتی کوردستان ، مەکتەبی سیاسیی ، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە، دیراسەی ٢٩ وەرگیراون.

---

9 http://www.aina.org/confidential.htm

## بەڵگەنامەی ژمارە «٣٢»

**نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ جەبار فەرمان سەبارەت پێکگەیشتنی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران:**

**لە ٢٨ / ٩ / ١٩٩٥دا تاڵەبانی نامەیەک ئاراستەی جەبار فەرمانی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری «ینک»، دەکا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی

**هەڤاڵ و برای خۆشەویستم کاک جەباری بەڕێز**

سلاوێکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین.
لەسەفەری تاران دا پێم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهێناوە:

**یەکەمین**: هاوکاری هەتاسەری ئێمەو المجلس الاعلی ـ بەسەرۆکایەتی سەماحەتی السید باقر الحکیم کە بۆ ئێستە و دوا ڕۆژی عێراق باش و پێویستە وا دەقی هەردوو ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنیمان بۆ دەنێرین نهێنی یەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنی بێت و کەس نەزانێت: ئەوەش ئەساسە: لە هەمە حاڵەتێکدا لەسەری دەڕۆین و جێ بەجێ ی دەکەین بەڵام (١) بەخشکەیی (٢) لە ژێر پۆششێکدا. لەسەرەتادا هەوڵ دەدەین پۆشش INC (لێرەدا تاڵەبانی دەیەوێ INC وەک دەمامکێک بۆ ڕاپەڕاندنی **پرۆژەیەکی دیکە بە کار بهێنێ ـ دیراسات**) بێت، یان هاوکاری فراوانی معارەزە. جا ل: کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو ڕێککەوتنە تۆ + کاک قادرمان داناوە بۆ هەڵسوڕاندن و جێبەجێ کردنی کارەکان. هیوادارم هەر فیلەکە بێت!

**دووەم**: ڕازی کردنی ئێران بەو ڕێککەوتنە، هەروەها بە یارمەتی دانی هەردوولامان بۆ سەرخستنی کارەکە: واتە ڕازی بوونی جمهوری ئیسلامی بە هاوکاری کردنی ی.ن.ک + المجلس الاعلی بۆ ڕوخاندنی ڕژێم + داهێنانی عێراقی دوا ڕۆژ کە لە ڕێککەوتنی پێشومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوە کراوە، کە تێیدا مافی چارەی خۆنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە. واتە ئێستر «ئێمەو المجلس» بە ڕەوڕەوەی ڕزگاری عێراق دەزانێت واتە بەهەر سێ لامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسیەکە دەکەین.

**سێیەمی** ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەو شامیل و کامیلی دوورو درێژ لە نێوان ئێمەو ئێران دا کە بێ گومان پرۆژەکەی دەبینن.

**چوارەم** هەروەک بڕیاردرا ڕێککەوتنەکەی پێشوو جێبە جێ بکرێت.



**پێنجەم**: جمهووری ئیسلامی سوور نەبوون لەسەر بەپەلە دەرکردنی حدکا، بەڵکو داوایان لێ کردووم کە بەهێمنی و شێنەیی و بەخشکەیی هەوڵدەم لەگەڵ مەلا عبدالله بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ (ح ئ) دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکانی ڕوون نین بەڵام خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گرنگە: باس لە چالاکی سیاسیان دەکرێ + لە چارەسەرەکەی ئیمام وەختی خۆی گوتبووی و هتد.

بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر ڕازیم: ماوەتەوە جێبەجێ کردن: پێم وایە کلیلەکەی ڕێککەوتنەکەی «ئێمەو المجلس»ی ئەعلایە کە ڕێبەر + سەرۆک جمهووری + پاسداران + هەموان ئێتر زۆر زۆریان پێ باش و گرنگە.

بۆیە هەر خۆت و کاک قادر لە بەچاکی هاوکاری کردنی المجلس زۆر زۆر زۆر گرنگە: بگرە هەموو شتەکانی تری پێوەبەندە.

ئەوەی گرنگە بەلامەوە کە بۆ دوا ڕۆژی عێراق و شتە ئەساسیەکان (ح.ئ) لەگەڵ (ئێمەو المجلس) پێکهاتووەو بەس و کەسی تری تێدا نییە! واتە ئەوەیە سێ کوچکەکە:

**لە دوایێدا ئێمە لێرە قسەمان درێژ بوو.**
**تکایە جارێ ئەم نامەیە هەر بۆ خودی خۆتە.**
**و هەر بژی بۆ**

**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**

**ئاگاداری**
بۆ الحسینیەکەی سلێمانی ئەرزێکی باش بەناوی منەوە داوا بکەن و لێرەشەوە مهندس دێت بۆ تخطیط کردنی.

**پاشماوەی نامەکە**

**لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە وا باشە کە ئێمە حدکا[ مەلا عەبدوللا رازییە و ئەوانی دیکەش هێرشێکی نومایشیی و بێنان و ئاوکردنی ماڵ و منداڵیان لە هەولێر چارەسەردەکا... ] رازیی بکەین دەست لە خەباتی چەکدارانە هەڵگرێ و بەرەبەرە سیاسەتی کاری چەکدارانە بگۆڕێ و لە کۆتاییدا بە وتوێژ و ئاشتیی پێک بێ[ببێتە بەشێک لە یەکێتیی هاوپەیمان] ئەوەش کات و سەبری شۆرشگێرانە و یارمەتیدانی تالەبانیی گەرەکە کە رۆژانە گوشار بخرێتە سەر حدکاو ناچار بکرێ، چونکە مانەوەی حدکا لە ناوچەکەی ئێمەدا باشترە لە دەرکردنیان ئەگەر ئاوەزو مێشکیان هەبێ...**

**جەنابی تالەبانیی بۆ ئەوە ئەو پلانەی بۆ جێبەجێ بکرێ جیا لەچەند پێشنیار داوای کردووە بە پەلە و بێراوەستان چەک و تەقەمەنیی و یارمەتی مالیی و ئابووریی، چەکی پێشمەرگە و جلو بەرگ و کەوشی پێویست و زانیاریی بۆ بەرێ بکرێ.**

**برای راستەقینەتان، مام جەلال،**

**چەند بڕگەیەکی ئەو نامەیە ئێستا مەوزوعییەتی نەماوە. لەبەر ئەوە نە کران بە کوردیی.**

**پێویستە مەلا عەبدوللا بە بنەماڵەی ئەو سەدان پێشمەرگەیەی کە لە باشوری کوردستان تێرۆرکران رابگەیەنێ کە چەند کەس بەرپرسی ئەوکارەساتانەبوون و ئەو جیالەو تاوانانەی کە لە پێداچوونەوەکەیدا دانی پێدا ناون چ دەورێکی دیکەی بۆ خزمەت بە دوژمنانی کورد گێراوە؟**

**٣٠ دیسامبری ١٩١٥**

**درێژەی دەبێ**


**بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی یەک تا دوازدە بروانە :**

**١- سایتی پێشمەرگەکان،**

**٢- هەلویست**

**٣- بۆکان رۆژهەڵات**

٤- rojikurd.info رۆژی کورد



کوردستانی هەڵناسورێ دەنا ئەو ئامادەیە لەبەر ئیحراج بوون نەبێ هەموو شتێ قەبووڵ بکات ـ دیراسات).

لذا نحن نعتقد انه من المصلحة ان نقنع حدكا بالكف عن العمل المسلح ومن ثم تدريجياً بتبديل سياسة العمل المسلح واخيراً باقناعه بالمصالحة والمفاوضة مع الجمهورية الاسلامية. وكل ذلك يتطلب وقتاً وصبراً ثورياً وبعد نظر ومساعدة الاوك لإحراجه والضغط عليه يومياً وبالتالي فبقاء حدكا في منطقتنا احسن من طردهم اذا عقلوا.

ايها الاخ والصديق العزيز...
لقد عادت اميركا الى المسرح من جديد باقتراح جديد هو:
١ـ دعوة الى وقف اطلاق النار.
٢ـ دعوة الطالباني والبارزاني الى لندن للاجتماع بالسفير پيليترو لحل المشاكل.
٣ـ دعوة اميركية صريحة ضد ايران بذريعة منعها من التدخل وتقليص بل وانهاء النفوذ الايراني في كوردستان العراق. (تاڵەبانی لەسەرێکەوە پێخۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر بە ناوبژیوانیی ئەمریکاو لە بنەوەش ئەمە بە دژایەتی ئێران حیساب دەکات ـ دیراسات).

ونحن الان وجدنا في المعركة وهي معركة كبيرة لانستطيع نحن وحدنا على مواجهة اميركا وصدام ومسعود فيها.
اصارحكم بكل اخوة وصدق بان الموقف الايراني الحالي اذا لم يتبدل سيدفع باتجاه انجاح المشروع الاميركي الصدامي.
لذلك اناشدكم بالاسراع وفوراً الى تقديم:
١ـ المساعدات العسكرية من اسلحة واعتدة ومهمات ضرورية.
٢ـ المساعدات المالية والاقتصادية اللازمة.
٣ـ فتح الحدود وتنشيط الادارة.
٤ـ تزويد الپيشمركه بالاسلحة والاعتدة والالبسة والاحذية.
٥ـ اشعار قيادة الاوك بوقوفكم معها.
٦ـ تبديل الموقف الخاطئ من الحاج عمران فوراً.
ايها الصديق العزيز لقد بينت لكم الحقائق بروح الاخوة والمصارحة والصدق وقديما قال العرب وقد اعذر من انذر
والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

اخوكم المخلص
مام جلال

شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟ ٣٥٦ دیراسە ژمارە «٢٩»